## گرتنی ڤان فرانت ...

# تراجیدییەکان و بانگێشەیەك ...

سیروان مەحمود

لەگەڵ هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەک لە ئەلبوومی تراجیدیای مەرگەساتی هەڵەبجەی شەهید، ئەوا هەموو دڵۆپە فرمێسکێکی هەڵقوڵاوی دڵەزامدارەکەم وێنەی یەکە بە یەکەی قوربانیەکانی کوردستانە بریندارەکەم لە خۆ دەگرێت ، وێنەی گۆڕی پێنج هەزار بێگوناهی خنکێدراو، وێنەی دایک و باوکە جەرگ سووتاوەکان ، برا و خوشکە پشت شکاوەکان، وێنەی کۆرپە بێنازەکان، وێنەی ژوورە تاریکە هەزار بە هەزارەکانی قەسابخانەی عەفلەقیەکان، وێنەی پەتی قەنارە و لاشەی لاوە گولە بارانکراوەکان، وێنەی گورگە چاو سوورە پۆستاڵ رەشەکان ، وێنەی زیلە بۆرە هەلگرەکانی نەوجەوانەکان و ژنان و پەککەوتەکانی ئەنفالەکان ،وێنەی ئاگر و دار و درەخت و چیا سووتاوەکان . ئەوەتا وێنەکان بە دووکەڵی ناپاڵم و سیانايد و خەردەل رتووش کراون ، مانشێتەکانیش ناڵەو هاواری قەتیسماوی منداڵ و ژنە دەمکوتکراوەکانە ، گرمەی فرۆکەیە و تەقینەوەی گوولەی تۆپە، زیرەی زنجیری تانکەکانە و قرچەی گری سووتانی خاکە.

ئاخۆ ( خامەکان، وێنەکان، تابلۆکان، سروودەکان، نمایشەکان) بتوانن چەمکێک لەو تراجیدیانە بگێرنەوە ؟ دەبێت چەند پەرتووک و مۆزەخانەبتوانن گوزارشت لە هاوار و کرووزانەوەی پەپوولەکان ودەنگێک لە لاوانەوەی بێ کۆتایی دایکە جەرگ سووتاوە سەرتاپە رەشەکان و بەشێک لە تراجیدیای سەردەم بۆ نەوەکانی داهاتوو و مێژووی مرۆڤایەتی بکات .

لە 2004 – 12 – 6 کەرەتێکی تر ئازارە خامۆشەبووەکانمان سەری هەڵدایەوە ، ئەمجارەیان هەناسەیەکی فێنکمان هەڵمژی و رووومان کردە مەزارگەی شەهیدانمان وسەرمان بۆ دانەواندن و بە قووڕگی پڕ لە گریان پێمان گووتن ، گەورەکانمان سەرهەڵبرن ، پار لەم مانگەدا زوحاک لە کونە مشکەکەی هێنرایە دەرەوە و خرایە ژوورە تاریکەکانی خۆی ، ئەمساڵیش ئەو یادە بە دەست گیر کردنی بازرگانێکی بێ ویژدان بەسەر دەکەینەوە ، بەوەی گووناهبارێکی جەنگی کورد کوژ، بازرگانێکی زیندەگی کوژ ، بار هەڵگری ژەهرە کیمیاویەکانی هەڵەبجە و سێوسێنان و دۆڵی جافایەتی و شوان و عەسکەر و ناوچەی بادینان ، وا لە کۆشکە گەندە ڵەکەی دەهێنرێتە دەر و را پێچ بە قەفەزی دادگای مرۆڤایەتی دەکرێت .

ئەوسا پەرە شاراوەکان دێنە روو ، بەمەش گیانی عومەری خاوەر و هاورێکانی و رۆ رۆی دایکان و کروزانەوەی کۆرپەکان شایەت حاڵی تاوانەکان دەبن لە دادگاکەدا و ئەوسا دۆکۆمێنتی بازرگانەکانی جینۆساید ئاشکرا دەبێت و ئاخۆ ئەوانیش وەک زوحاکەکەی بەغدا بڵێن : مەسەلەی هەڵەبجەمان لە رادیۆ و میدیاکان بیستووە ؟

ئەگەر ئەوان ویستیان دەنگی کورد کپ کەن ، ئەگەر ئەوان ویستیان رەگەزی کورد بتوێننەوە ، ئەگەر ئەوان توانیان لەرۆژانێکی تاریک و بێ کەسیدا ژەهریان بەسەردا برێژن ، ئەوا ئەمرۆ کورد بە هاوکاری مرۆڤ دۆستان تەپوتۆزی ئەو رۆژانە لادەبەن ولاپەرەکانی تاوان هەڵدەدەنەوە و دەبێ ئەو تاوانبارانەش جاوەرێی سزای مێژوو و یاسا نێو دەوڵەتیەکان بن .

بە دەستگیرکردنی تاوانبار (فرانس ڤان فرانک) ، ئێمە قەرزار باری کاری جوامێری پارتی سۆشیالستی هۆڵەنداین (SP)و خودی سەرۆکی پارتەکە (هاری ڤان بۆمڵ) ، کە بە شێوەیەکی فۆرمی لە پەرلەمانی هۆڵەندی جەختیان کرد لەسەر جێ بەجێ کردنی شکاتی سەنتەری هەڵبجە دژ بە جینۆساید (چاک) لە

دادگای هۆڵەندی بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە و بۆ ئەم مەبەستەش پەستانێکی زۆریان خستە سەر وەزیری دادی هۆڵەندی و خەرجی پارێزەرەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان .

جێ ی خۆیەتی رۆلی سەنتەری هەڵەبجە دژ بە جینۆساید (چاک) بەرز بنرخێنین کە هەمیشە بەدوای ئەم کارەوە بووە و هیمەتێکی زۆری نواندوە لەم رووەوە و لە پێشەنگی هەموو رێکخراوە کوردیەکانەوە بووە بۆ بەدوا چوونی هەموو کارەسات و مەرگەساتەکانی کوردستان .

ئێستا رێکخراو و لایەنە کوردیەکانی هۆڵەندا بە نیازن لە بۆنەیەکی تایبەتی (SP)یدا رێز لێنان و پێ زانینی گەلی کوردیان ئاراستە کەن .

هەر لێرەشەوە ئەم نامەیە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە جێی خۆیەتی پەرلەمان بەناوی گەلی کوردەوە پێزانینی خۆی ئاراستەی ئەو پارتە بکات و بانگێشەی بکات بۆ کوردستان و سەردانی پانۆرامای هەڵەبجەیان پێ بکات ، لەرێگا و بە هاوکاری (چاک) پەیوەندیەکانیان لە گەڵ بەهێز کەنو ببێتە دەروازەیەکی بە تین بۆ بەدوا چوندا بەدوای راستیەکان و ئاسەوارەکانی ئەم مەرگەساتەو بکرێتە بەرنامەیەکی ستراتیجی بۆ ئامانجی قەرەبووکردنی قوربانیەکان و بۆ بە دوا چوونی هەمووئەو کەسایەتی و دەوڵەتانەی دەستیان هەبووە لە و کارەساتانەی بەسەر مللەتەکەمندا هاتووە ، هەر لەو چوار چێوە یەشدا داخوازییە رەواکانمان سەقامگیر بکرێت و بانگێشە بکرێت بۆ مافە رەواکانمان ، بۆ نا ؟.... خۆ کەمتر لەو جۆرە مەرگەساتانە بوونە کەرەسەی درووست بوونی دەوڵەتانی ئیسرائیل و بۆسنە و تەیموری رۆژهەڵات !!!

سیروان مەحمود ......

سەرپەرشتیاری کۆمیتەی ریفراندۆمی کوردستان _ هۆڵەندە